پیاوێک لە پینە

لـه کوچه و کۆڵانـی تـاریکـی قـەیسـەری و .. بـازاڕه زۆر کۆنـەکـان

لـه سـەد لاوه رۆحـی زۆر تـەنکـی منیـان هـەلاهـەلاکرد

شـەوانـەش تـا درەنگـانـێ

دایکـه کت و کوێرەکـەم

بـه دەست و پەنجـەیـەکـی لـەرزۆکـەوه

تـەقـەڵا بـه تـەقـەڵا پینـەی دەکردم و دەیـدووریمـەوه

ئـەو مامۆستـا تووڕه و تۆسنـانـەی

لـه بـەرد رەقتر و ..لـه ڕەشـەبـا هـارتر و ..

لـه خـەونـەکـانـی ئـەوسام نـاشیرینتر

نـاو لـەپی دەستم و .. نـاو پەڕەی رۆحمیـان

بـه دار حـەیزەران زیـوالا زیـوالا کرد

تـا هـەنووکـەش هـەر پینـەیـان دەکـەم

ئـەو رۆژەی شـەبـەقێك دەدوورمـەوه

لـه سـەد لاوه شـەبـەقـی دیکـەی تێدەکـەوێ

من هـەر لـه ئـەزەلـەوه کـەسیرەبووم

وەك هـەوری و شـەدە و دەسمـالا و پۆپـەشمین

وەك هـەر قوماشێکـی کـەشمیری ئـاوریشمین

خۆم خستـه بـەر دەستـی شۆخـه نـامرادەکـان

کـەچی لـه سـەد لاوه مقـەستیـان لـێ خستمـەکـار و ..

لـەت و پـەت منیـان بڕی ..

نـا .. دەستم لـێ مـەدەن

من پیرەپیاوێکی پەککەوتەم

لە داهۆڵێکی فەرامۆشکراو لە کێڵگەیەکدا

رووت و رەجاڵا و .. بێ بەرگترم

من هەلاهەلا و .. پرزۆڵا پرزۆڵم

تەنها داوێك لەم سیپاڵەی بەرم رابکێشن

هەزار و یەك پینەم لێدەکەوێتەوە

ئەوسا دەمبینن: پیاوێکی رووت

رووتتر لە رووتی

وەك تەن-ێك لە (عەزاب)

دەدرەوشێتەوە ..!

1999